# هەڵبژاردن

پۆلا سەعید

زۆردار دەڵێ:
مافی خۆمە هەرچییەک بەرم
کام کۆشک جوان و ڕازاوەیە
دەتوانم تەنها بە چاو سوورکردنەوەیەک
بیکەم بە چەتری سەرم،
کام ماشێن گرانبەهایە؟
کام شەکرەژن وەک کەنیسمە والآیە؟
کام سەر بەرز و بڵند و ناودارە
من کەویی بەرپێی خۆمی دەکەم
بە زەبری پارە،
من بۆ کڕیینی خاک پێویستم بە مەتر نییە
هەرکوێیەکم بوێت تاپۆی منە
کەسیش لاریی لە داوام نییە،
کورد و عەرەب ئیمڕۆ بران
وەک چۆن پێشمەرگە و بەعسیی

www.kurdistannet.org

وەکوو گوڵ لە گوڵدانی سەرمێزی سەرانی کورد کران،
لە هەمووان تێکۆشەرترن ئیمڕۆ خەڵکانی بەعسمەرگە
لە گوڵ کاڵتریان پێ نایەژن سەرانی کورد
ئاخر ئەگەر دەنگی نابەجێی وان نەبێت
چۆن لەسەر تەختی دەستەڵات دادەنیشێ پیاوی سەرکردە،
دەسا ئەی گەل:
هەڵبژێرن سەوز و زەرد
تێکەڵە لە بەعسمەرگە و ئەنفالچیی و
پیاوی مەرد،
هەڵبژێرن بە شەلاڵی ئارەقەی
تەویڵی شەرمەوە
گەلێکی زۆرلێکراو و چەوساوە بووین
بووین بە داوی سیاسەتی گیرفانەوە،
سیاسەتێک بۆ ڕاموسینی ڕەقیب و
پێش لەشکریی تانک و زرێپۆشی بەعس بێ
بەقای کوا بۆ گەل هەیە
لە سەد ئاوی تاوانیاندا کەچی هێشتا دەڵێن:
کوا بەری چاوانمان کلی پێوەیە،

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

دوای دەیانساڵ بە ئازادیی ژییان
بووینەوە بە گوندێکی ڕاگوێزراوی
سەردەمانی مان و نەمان،
بۆیە دەبێت لە سای سەری سەرداری کورددا
هەر هەژار و دیل و ژێردەستە بین،
لە کوردەکەی هەردوو جەژن و
لە ئاوی شیرینی ڕۆحی کەرکووکیش بین،
04.08.04

www.kurdistannet.org